

# دل ....
# ئاوەر

**بۆ دلاوەر قەرەداغیی**
**برای شیعریم**

## کەژاڵ ئەحمەد

کە هەر لەپاڵ
کانیلەیەکی تابلۆیی سادەدا
بەچمکی لەچکێکی گوڵدار
جۆگەلەی ئەشکێکی خوێنین
حەشارئەدەم

کە هەموو شوێنێکی باش‌و
میهرەبان لەمن خاڵی‌یەو
ژێر زەمینە غەمبارەکانی
ملکەچی
پڕن لەمن

کەشیعرێکی عەیار لەنینۆکم
ئەتکێو
دنیا مەستە بەگوڵاوی
خەونو وشەو سەرکێشیم
چیبێ لەتۆ نهێنیبێت
لەگوڵی لەچک تەڕترو
لەژێرزەمین تاریکترو
لەشیعری نوێ بۆنخۆشترم
گومانو گلەیی ئەڕژێن
لەدڵو چاوو نینۆکی
یادەوەریم.
حاجی ئەڵێ*
((ئەی بادی سەبا خۆم ببە
سودی نیە نامە
شەرحی زەعیفی منودڵ
نایەتە تەحریر))
لەدڵڕەقیی حاجی ببورە بای
سەبا
ئەو نەیزانیووەو ناشزانێ
سەردەمێکە
هەرنامە تێیدا ئەتوانێ
شەرحی زەعیفی ئێمەو دڵ
بێنێتە تەحریر.

کە (وتن) وەک
(نووسین)نیە
دڵ لەناو هیچ بینینێکدا
هێندەی باڵی
دێڕو پەڕی مسوەدەیەک
بەقەد دەنووکو خوێندنی
زاراوەیەک
ئازادنیە

کەژیان چەشنی زیندانەو
مەرگیش وەک ئازادبوونە
لێی
بەداوێنی ئێوەدا خۆ
هەڵدەواسین
خەونی نووسین
گوڵی نامە
دوای حەریر.

چونکە حاجی لە سەردەمی
بێ ئەوینیی‌و ئینتەرنێتدا
نەژیاوە
لەبینینی ئەوبینینە دەست
زبرانە وەڕس نیە
کە پەڕەی گوڵاڵە سوورەی
تەنیایمان
دەکەن بەچەندین پارچەوە.

شیعری ئەو دیارە بۆ
ئەمڕۆی ئێمە نیە
گەروانیە
با لەچاوانم بپرسێت‌و پێی
بڵێم
خۆزگە هەموو ئەو
دیدارانەی بەبەردەم
پەنجەرەی نیگامدا رۆشتن
پیتێ بوونایە لەچاتی
ساردوسڕی یەکترناسین
چەند ئێمەیلێکی بەپەلەو
چەند فاکسێکی کاڵەوە بوو
چەند نامەیەک بوونایە
هەرگیز
هەرگیز نەگەشتنایە دەستم
!

نازانم چۆن بەحاجی بڵێم
چامەیەک
بۆ نالی یەکەی بنێرێت
نەمرترە
ئەوە راستە (کەبینین وەک
بیستن نییە)
من لە ئەو دڵشکێنترو
لەناسین ترسناکترو
لەنزیکیی درۆزنترم
نەدیووە.
ئای چەند دووریت بۆ
ئەخوازم
ئازیزترین
دوورتر لەهەورێکی سپیو
هێندەی مەودای
نێوان عەشقو بەختەوەریی
تاپلەی مەحاڵو
دوور هێندەی ئەگەری
شکانم
ئەستەم بەچەشنی ئومێدی
کۆکردنەوەی
قاوەیەک لەناکاوێکدا
رژایە بەر پێیەکانم.

دل-ئاوەری
ئەسمەرتا دوا پلەی قوڵپی
خوێن شیرینیی،
ئیسماعیلو تەیرەکانی
لەئاسمانی وڵاتێکی جودا
لەوڵاتی خۆیان
چۆن دەژین؟
ماڵئاوایی فڕینیان چۆن
لێناگۆڕێت
بەنیشتنەوەی نەرمی سڵاو؟

ژیانی ناو پووشەکانی
هێلانەیان
لێنابێت بەراکشانی
نێو تابووتی مەرگێکی مات ؟

بۆ ناپرسیت کوانێ ئەو
(ئیتی)یە جوانەی
غەمبارترین خەمەکانی
خۆت بۆ دەنارد
دڵنیابە
ئێستا خەونەکانی پڕن
لەدراکۆلاو
ژیانی بووە بەتابلۆ سەیرو
سەمەرەکانی دالی
ئەو وەکو جاران ناتوانێت
هەناسەبێت بۆ جیهانێک
دوور لەعەشق
شەماڵ بێت بۆ بیابانی
دنیایەک لە تەمو سەراب
ئاوپرژێنێکی فێنک بێت
بۆ بورانەوەی شەرمنی
زێدێکی نامیهرەبانو
خەون بێت بۆ گلێنەیەک
ناتوانێت خەون ببینێت.

ئای چەند دووریت بۆ
ئەخوازم
میهرەبان
ئێستا باشترت دەبینم
باشترت دەدوێنم
لەبەرئەوەی سەرچاوەی
ئازار چاومانە
من ئەیسپێرم بەکوێربوون
هەر شەونمی هەستم بەسە

لەم تەمەنەمدا پێی بژیم.

ئەگەر مرۆڤ لەچاوانی
وەڕس نیە
بۆعەینەکی قەترانیی
بەکاردەهێنێت
عەدەساتی لاصیقە بۆ
لەسەر بیلبیلەی دائەنێت؟

درۆیە باوەڕم پێبکە درۆیە
شتێ نیە لەسەر زەمین
بەناوی خۆشویستن
ئەوەی هەیە بریتییە
لەحەزو تامەزرۆیمان بۆ
هەبوونی
بۆیە ئەو خوێنەی لەدڵی
قەڵەم ئەڕژێ
نەمرترو راستگۆترە
لەو فرمێسکەی لەچاوی
منوتۆ ئەتکێو
جوانتریشە.

ئای چەند دووریت بۆ
ئەخوازم
ئازیزترین
دوورتر لە هەورێکی سپی
هێندەی مەودای
نێوان عەشقو بەختەوەریی
تاپلەی مەحاڵو
دوور هێندەی ئەگەری
شکانم
ئەستەم بەچەشنی ئومێدی
کۆکردنەوەی
قاوەیەک لەناکاوێکدا

رژایە بەر پێیەکانم

*حاجی قادری کۆیی

ئابی -2002-